دادگای تاوانی ناوەندی عەراق سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دوو قاچاخچیی ماددە هەشبەرەکان سەپاند

دادگای تاوانی ناوەندی عەراق، سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دوو قاچاخچیی ماددە هەشبەرەکان دەرکرد بە تەمەتی بازرگانیکردن بە ماددە هەشبەرەکان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی ئینجومەنی باڵای دادوەریی عەراق ئەمە دووشەممە هاتووە، "دادگای تاوانی ناوەندی سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دوو قاچاخچیی ماددە هەشبەرەکان دەرکردووە بە تاوانی بازرگانیکردن بە ماددە هەشبەرەکان".

ڕوونیشیکراوتەوە، "ئەم دوو تەمەتبارە لەگەڵ 1460 حەبی ماددەی هەشبەر بە مەبەستی بازرگانیکردن و فرۆشتنیان، هەروەها بەکارهێنانیاندا دەستگیر کراون"، هەروەها ئاماژە بەوەشکراوە کە بەیارەکە بەپێی بڕگەکانی ماددەی 28/1 لە یاسای ژمارە 50ـی ساڵی 2017 و بەپێی ماددەکانی 47 و 48 و 49ـی یاسای سزاکان دەرچووە.